# 72 حۆری بۆ پیاو، ئەی چی بۆژن

## تەها ئەمین هەڵەدنی

ئەفسانەکان کارێکی وایان کرد، کە نەوەکانی پاش ئەفسانەکان باوەڕبهێنن کە دایکسالاری بوونی بوە. گوایە کۆمەڵگایەک لە قوژبنە دوورەکانی مێژوودا هەبوە، ئافرەت سەرپەرشتی کۆمەڵگای کردوە. بەڵام ژینگەی مێژووی کۆن، ئاستی ووشیاری گەلانیش، نەبوونی فاکتایەک، دژی بوونی ئەو جۆرە کۆمەڵگایە دەوەستن، کە پێی دەووترێت، دایکسالاری.

باشترین بەڵگەیەک کە تا ئێستا وەک فاکتەر لە کۆمەڵگا شارستانیەکاندا باوەڕ پێکراوە، کە مرۆڤ لە سەرەتدا مەیمون بوە، (ڕیشەی ڕەگەزەکانی) (چارلس داروینە).

http://sv.wikipedia.org/wiki/Charles_Darwin

ڕیشەی ڕەگەزەکان سەرەتا تەنها بیردۆز بوون، بەڵام لەم دوایانەدا بە ڕێگای دی ئەی ئێن سەلمێندرا کە ڕاستە مەیمون، باپیرە گەورەی مرۆڤە. بەڵام لەبەر ئەوەی چارلس داروین تەکنیکی پێشکەتوی لەبەر دەستا نەبوو، کەمێک هەڵەی کردوە، هەڵەکانی داروین هێندەیە، کە ئەو باوەڕی وابوە، کە باوەگەورەی مرۆڤ لە مەیمونەکانی ئاسیاوە گۆڕاوە، بە مرۆڤی ئەمڕۆ، کەچی زانستی دی ئێن ئەی، سەلماندی کە سەرچاوەی مرۆڤ مەیمونەکانی ئەفریکایە، نەک ئاسیا. هەر بۆ زانیاریش بە هیچ شێوەیەک ناتوانین، گوومان لە ئەنجامەکانی دی ئێن ئەی بکەین،چونکە ئەنجامەکانی لە% سەد ڕاستە.

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A3%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%81_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%86%D8%B3%D8%A7%D9%86

لەگەڵ ئەوەشدا، دیمترۆکۆس لە 2400 پێش ئەمڕۆوە بە هێزی بیرکردنەوە، گەشەتە ئەو ئەنجامەی کە گشت تەنەکان، لە کۆتایدا دەگەنە ناوک(ئەتۆم) ئەتۆمیش بە هیچ شێوەیەک لەت ناکرێت. بەڵام تەکنیکی نوێ، توانی ئەتۆم لەت بکات، بەو شێوەش ووزەی ئەتۆمی دۆزرایەوە. ئەم پەڕتووکە لە لایەن، پێشمەرگە بەوەفاکانی کوردەوە کاک بەهرۆز حەسەن، هەروەها دکتۆر حسێن خەلیقی وەگێڕدراوەتە سەرزمانی کوردی. سێ ڕاکات نوێژ ڕوو لە دەرگای ئەو دوو پێشمەرگە بەوەفایەی کوردستان.

http://www.pertwk.com/pertwk/index.php?e=53

بەڵێ ڕیشەی مرۆڤ مەیموونە، بەپێی ئەو فاکتا زانستیانە، کە مرۆڤە سەرەتاییەکان گیانلەبەرێکی دڕندە بووبن، ووردە ووردە گەشتوون بەم مرۆڤەی ئەمڕۆ. ئەوکاتە دەزانین کە مرۆڤ ئارەزووەکەشی وەک گیانلەبەرێکی دڕندەبوە، هەرچەند ئێستاش مرۆڤ زۆرە، لەچاو گیانلەبەرە دڕندکادا، بە حەوت ئاو شۆردراونەتەوە.

گورگ لەچاو هیتلەر، سەدام، حافز ڕێوی سووریا، خومەینی، ئیبراهیم جەعفەر، موقتەدا نەک بەحەوت ئاو بەڵکوو بە هەزاران ئاو شۆردراوەتەوە. چونکە هەموو گورگەکان

هێندەی هیتلەر درندە نەبوون. ئەگەر چی جەعفەری و موقتەدا، هێشتا تاوانی وا گەورەیان نەکردوە، بەلام بواریان بۆ برەخسێ، لە خومەینی گۆڕبەگۆڕ باشتر نابن.
ئاخر هێشتا زیاتر لە 100میلیۆن مرۆڤ، بەدوای دەعبای وەک خومەینیدا ڕادەکا. کەچی خومەینی، بە فەتوایەک، سێککردن لەگەڵ منداڵێ سەر بێشکەی، حەلاڵ کرد.
http://www.ansar.org/arabic/radee3ah.htm
لە ڕاستیدا، ئافرەت لە ڕووی فیزیکیەوە وەک پیاو بەهێز نیە، ئەمەش سروشتەو، ڕاستەکی گومان لێنەکراوە. بەلام لەڕوی سایکۆلۆژیەوە، هیچی لەپیاو کەمتر نیە، ئەوێرین بلێین، کە زۆربەی جاران لە پیاو بەهێزترە. مێژووش ئەم فاکتیەی سەلماندوە. هەر لەناو کوردا سەدها ئافرەتی بلیمەت هەڵکەوتوون، بۆ بۆنمونە، مەهراکۆ، مەستوورەخانی ئەردەلان، حەپسەخانی نەقیب، لەیلا زانا. ئینگلتەراو فەرەنسا بۆ ماوەی 100 ساڵ خوێنیان ڕژا لە پێناو سەروەتوو سامانی پاشاکاندا. کەچی پیاوێک نە لە ناو ئینگلیزەکاندا، نە لەناو فەرەنساییەکاندا هەڵنکەوت، کە چارەیەک بۆ ئەو شەڕە بەربەرییە بدۆزێتەوە. تا لە کۆتایدا کیژۆڵەیەک (ژان دێ ئارک) توانی فەرەنسا ڕزگار بکات لە چنگی ئینگلیزەکان، هەروەها، کۆتایی بە شەڕی 100 ساڵەش بهێنێ.
http://www.kurdistanpost.com/default.asp?menu=article&aid=543
کاتێک پیاو لە ڕووی فیزیکیەوە بەهێز بێ و ووشیاریشی لە ئاستێک نزمدا بووبێ، دەمان گەیەنێتە، ئەو ئەنجامەی کە دایکسالاری، بوونی نەبوەو فاکتا زانستیەکانیش، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن.
http://sv.wikipedia.org/wiki/Matriarkat
بەلام ڕەوشەکە، بە شێوەیەکی دیکە بوە، لەنیمچە دوورگەی عەرەبیدا. لەبەر ئەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی،ناوەندێکی ووشک و برینگە، بێدەرامەتەو خەڵکەکەی نەدارو هەژار بوون. هەژاریش وای کردوە،کە ئاستی ووشیاری لەو پەڕی نزمیدا بوە.
بەتایبەت، ئافرەت جێگەیەکی لە کۆڵەگای عەرەبیدا نەبوە، ئافرەت بەهاتنی ئیسلامیش لەو پەڕی چەوسانەوەدا ژیاوە، لە ئیسلامدا ئافرەت وەکالا تەماشاکراوە.
ئێستاش لە ڕۆژهەلاتی، ناوەڕاست جگە لە ئیسرائیل، کە پیاوێک دەگاتە کورسی دەسەلات، ئیتر پێش ئەوەی لە سەر کورسی دەسەلات دابنیشێ، 10 کیلۆ سیکۆتین لە قونی خۆی دوسوێ، پاشان دادەنیشێ، ئیتر مەگەر مقەدەر لەسەر کورسیەکی هەڵی بکەنێت.
بەلام لە جیهانی شارستانیدا، پایەدارەکان بە دوو ساڵ پێش خانە نشینی، دەکەونە هەلەکە سەما، تا واز لە کارەکەیان بهێنن، دوور لە دەسەلات و کێشەی کورسی ئەو تەمەنەی کەماویەتی بە ئارامی بەسەر بەرێت. لێرەدا خەسلەتی مرۆڤی دواکەتوو ئاشکرا دەبێت. کە دژی خودی جۆی بەرخورد دەکات، لووت بەرزی وای لێدەکات، کە هەتا مردن، لە گێژاوی تەنگ و چەڵەمەدا بژی. ئیتر چۆن ڕێگەی داوە، کە ئافرەت کە دەسەلاتی هەبێت.
گەلانی نیمچە دوورگەی عەرەبی، باوەڕایان هێناوە، کە خوا ئافرەتی بۆ خۆشی پیاو دروست کردوە. بۆیە قورئانیش هەمان دەهۆڵ لێدەدات.

سورەی ڕۆمی قورئانی ژمارە21 ئەڵێ: خوا ئافرەتی دروستکرد، تا پیاو ئارام بگرێت.
یان لەسورەی ژن ژمارە24 قوئان ئەڵێ: کاتێک چێژتان لە ژن وەرگرت، کرێی چێژەکەیان بدەنێ. (تمتع) واتا: چێژ. کە تەمەتعتان کرێی لە ئافرەت، هەقەکەیان بدەنێ.
واتا: ژن لە ئیسلامدا وەک چۆن خانوەیەک بەکرێ دەگریت، یا چۆن ماشێنێک بەکرێ دەگیریت، بەهەمان شێوە، دەتوانی ئافرەت بە کرێ بگریت، لە دیدی ژینگەی نیچەدوورگەی عەرەبیەوە. سنیەکان،ئەم دابە ناسەلمێنن، بە سۆزانیەتی لەقەڵەم دەدەن، بەلاّم لەهەر مزگەوتێکی شیعەدا بیرۆی تایبەت هەیە، کە لەوێدا دەتوانی ژن بەکرێ بگریت. کاتێک خودی قورئان فەرمان دەدات کە ژن بە کرێ بدرێت، سنیەکان خاوەن ئەو بڕایارە نین، کە دەقی قورئان تابوو بکەن. تابوو کردن و وەساتنەوە دژی ئایەی 24 ژن کارکی پیرۆزە، ئەدی بۆچی هەرچی سەلەفیەکانە، یا ئیخباریەکانە پیت بە پیتی ووتەکانی خودی محەمەد جێبەجێ دەکەن. سەربڕینی مرۆڤ دزێوترینی کارێکە کە مرۆڤ لە هەر سەردەمێکا ئەنجامی بدا. کەچی سنیەکان دەست بەرداری سەربڕین نابن!
هەر لە سورەی ژنی ژمارە 11 نیوەی میراتی کوڕ بۆ یا ژن ڕەوا دەبینێ.
قورئان لەسورەی مانگای ژمارە282 دا ئافرەتی بە نیوەی پیاو سەرژمێر کردوە،ئەگەر بۆ شاهیدی بانگکران، ئەوا دوو ژن لە جیاتی پیاوێک دەتوانێ شاهیدی بدات. هەمان قورئان سورەی مانگای ژمارە 223 ژن وەک کێڵگە، سەرژمێر دەکات، ئەڵێ: ژن کێڵگەی ئێوەیە چۆن دەیکێڵی بیکێڵە. واتا: گوێ بەژن مەدە، ئەگەر حەزی سێکسی ئەناڵ نەبوو، پیاو خاوەن بڕیارە ئەگەر حەزی لێبوو سێکس لەگەڵ ژندا بکات،لە کۆمەوە.
هەروەها قورئان، لە سورەی ال عمرانی ژمارە14ئەڵێ: بۆ خۆشەویستی و ئارەزوە دەرونیەکانتان، ئامادەکراریمان کردوە، ئەویش ژن، منداڵ، کیسەی زێڕو زیوو، ئەسپی پڕ خەتوو خاڵ و جوان، هەروەها مەڕوومالاّت. واتا:خواکەی محەمەد ژنی لەئاستی مەڕومالاّتدا سەرژمێر کردوە.
قورئان هەرگیز ئافرەتی نەدواندوە، کەچی دەوێت، یا نایەوێت، هەمیشە قورئان باس لە خواست و داخوازیەکانی پیاوە،دەکات.
هەروەک لەبابەتی پێشوودا لێدوانمان هەبوو، کە حەدیسەکانیش هەر قسەی خودان بە پێی دەقی قورئانی.
http://www.kurdistanpost.com/default.asp?menu=article&aid=737
خوا لەم حەدیسەی خوارەوەدا ئەڵێ: کە ئەوا 72 ژن بۆ پیاو لە بەهەشتدا ئامادەکراوە.
بەلاّم بە هیچ شێوەیەک ، قورئان و حەدیسەکان، باس لەوە ناکەن،کە چی بۆژن ئامادەکراوە.
لێرەوە جارێکی دیکە ئەڵێین کە فەلسەفە ئەڵێ: مرۆڤ خوای لەشێوەی خۆی دروستکردوە. تانەنات حەبەشەیەکان لایان وا کە خوا وەک حەبەشیەکان بۆرە، وەک حەبەشیەکان جل لەبەر دەکات، وەک حەبەشیەکان دەخواو دەنوێ.

قورئان ژادەی ژینگەیەکە کە ئافرەت تێیدا، وەک کەلووپەل ژمێردراوە.

http://hadith.al-islam.com/Display/Display.asp?Doc=5&Rec=5931

خوێنەری هێژا: ویکیپیدیاکان، بە زۆربەی زمانکانی جیهان هەیە،تۆ کە لە هەر جێگایەکدا دەژیت، دەتوانی ویکیپیدیا بکەی بەزمانی ئەو وولاتەی تێیدا دەژیت. زۆربەی جاران زمانەکانی دیکە،لە دەستی چەپدان. سەرەڕای ئەوەش ویکیپیدیا بە زمانی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردوستان عەرەبی، فارسی، تورکی هەیە.